حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٥٨) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٥) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری تەندروستی و ئەندامێتی نوێنەری (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، پلاندانان، دەستەی وەبەرهێنان، دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگە) بە مەبەستی داڕشتنی پلانی خێرا و مامناوەند و درێژخایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکار و سەرچاوەکانی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی نەخۆشی سکچوون و کۆلێرا کە ساڵانە لەم وەرزەدا دووبارە دەبنەوە بە تایبەتی پاککردنەوەی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە و ئاودێریی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پاکوخاوێنی چێشتخانە و کافتریا و شوێنە گشتییەکان.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (ناوخۆ، تەندروستی، شارەوانی و گەشتوگوزار، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تایبەت بە پاراستنی ئاژەڵان، بۆ بەرەودان بەو شەڵتەرانەی کە هەن بۆ کۆکردنەوە و بەخێوکردنی سەگی بەڕەڵا و پەرەپێدان و فراوانکردنیان تاوەکو ئەو سەگە بەرەڵایانەی تێدا کۆبکرێنەوە. لە هەمان کاتدا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕاسپێردرا کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڤێتەرنەری سەر بە وەزارەتیان موفاتەحەی ئەو ڕێکخراوە و دامەزراوە نێودەوڵەتییانە بکەن کە لەم بوارەدا کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی تەکنیکی و دارایی بۆ ئەم مەبەستە.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**